# لێکۆڵینەوەی کەیس - عێراق

## تیشک خستنە سەر ڕێکخراوەکانی مافی ژنان:
## توێژینەوەی هەڵسەنگاندن لەسەر وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی ئۆکسفام بە کۆڤید-١٩ لە عێراق

## ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت

هەولێر، عێراق
پاکنووسکراو لەلایەن نامالی جایاسینگ، ڕێکخراوی ئۆکسفام - ئەمریکا

**ڕێکخراوی ئۆکسفام بەبەردەوامی داوادەکات کە سیستەمی مرۆیی بە شێوەیەک بگۆڕدرێت کە دەسەڵات بۆ ئەکتەرە ناوخۆیی/نەتەوەییەکان بگوازرێتەوە. هاوکات لەگەڵ خۆبەخشی ئۆکسفام بۆ بەهێزکردنی سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی، پابەند بووە بە ڕێکخراوەکانی مافی ژنان. ئەم توێژینەوەیەی کەیسی عێراق لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ڕێکخراوی ئۆکسفام تا چەند بە باشی پابەندبوونی خۆی بە سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی لە وەڵامدانەوەی بە کۆڤید -١٩ لە ڕێگەی هاوبەشییەکانی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان پشتڕاست کردووەتەوە. توێژینەوەکە باس لەو ئاڵەنگاریانە کە ڕێکخراوەکانی مافی ژنان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەورەها باس لەو ڕێگایانە دەکات کە ڕێکخراوی ئۆکسفام پشتگیریان دەکات و لەسەر ئەو بوارانە دەدوێت کە ڕێکخراوی ئۆکسفام دەتوانێت تێیاندا باشتر بێت. ئەم توێژینەوەی کەیسە بەشێکە لە پرۆژەیەکی توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی گەورەتر کە ڕاپۆرتێکی کۆکردنەوە و توێژینەوە کەیسەکانی کۆڵۆمبیا و کینیا لەخۆدەگرێت.**

**ڕاپۆرتەکانی توێژینەوەی ئۆکسفام** بۆ هاوبەشکردنی ئەنجامی توێژینەوەکان و بەشداریکردن لە مشتومڕی گشتی و وەرگرتنی فیدباک لەسەر سیاسەت و مەشقی گەشەپێدان و مرۆیی دەنووسرێن. ئەم ڕاپۆرتانە مەرج نییە دەرخەری هەڵوێستەکانی سیاسەتی ڕێکخراوی ئۆکسفام بن. ئەو بۆچوونانەی دەربڕدراون هی نووسەرن و مەرج نییە هی ئۆکسفام بن.

بۆ زانیاری زیاتر، یان بۆ سەرنجدان لەسەر ئەم ڕاپۆرتە، ئیمەیڵ بنێرن بۆ نامالی جایاسینگ (namalie.jayasinghe@oxfam.org)

www.oxfam.org

# خشتەی ناوەڕۆک

خشتەی ناوەڕۆک ٢
١. پێشەکی ٣
٢. ڕێکخراوەکانی مافی ژنان و وەڵامدانەوە بە پەتای کۆڤید-١٩ لە عێراق ٤
٣. هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی ئۆکسفام لە عێراق: ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە پێشەنگدا ٩
٤. دەرەنجام و ڕاسپاردەکان ١٥
سەرچاوەکان ١٧
تێبینییەکان ١٨
سوپاس و پێزانین ١٩

# ١. پێشەکی

تێبینی: ئەم توێژینەوەی کەیسە بەشێکە لە پرۆژەیەکی توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی گەورەتر کە ڕاپۆرتێکی کۆکردنەوە و توێژینەوە کەیسەکانی کۆلۆمبیا و کینیا لەخۆدەگرێت.

ئەم توێژینەوە کەیسییە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە وەڵامدانەوەی مرۆیی بە پەتای کۆڤید-١٩ لە عێراق و ئەو کێشە و گرفت و ئاڵەنگاریانە دیاری دەکات کە ئەو ڕێکخراوانە لە بواری سەرکردایەتی مرۆیی ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە هەروەها هەڵسەنگاندنێکە بۆ پابەندبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەکو ڕێکخراوی ئۆکسفام،[١] بە سەرکردایەتی ناوخۆیی کاری مرۆیی لە عێراق، ئەمەش بە واتای پێویستی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانە بۆ سەرکردایەتیکردنی هەوڵەکانی فریاگوزاری و خزمەتگوزارییەکانی ڕزگارکردنی ژیان لە کاتی قەیرانەکاندا. ڕێکخراوەکانی ژنان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە وەڵامدانەوەی مرۆیی لە کاتی قەیرانەکاندا و دەتوانن بەهایەکی زیادە لە کارە مرۆییەکاندا دابین بکەن.

## بازنەی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێکخراوەکانی ژنان.[٢] سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە ژنانی سەرکردە لە دەرەوەی دامەزراوە حکومییەکان و ژنانی خاوەن ڕۆڵی سەرکردایەتی لە دامەزراوە حکومییەکانی پەیوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە لەخۆناگرێت. ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە پسپۆڕن لە پرسەکانی دادپەروەری ڕەگەزی لە نمونەی ڕاپرسییەکەدا گەیشتە ٩٧ ڕێکخراو، لەگەڵ سێ ڕێکخراو بە سەرۆکایەتی ژنان کە لە پرسەکانی ژنان پسپۆڕ نین.

## شێوازەکانی توێژینەوە

ڕاپۆرتەکە شێوازە چەندایەتی و چۆنایەتییەکان لە کۆکردنەوەی داتاکاندا تێکەڵ دەکات. ڕاپرسی کۆمەڵایەتی نمونەگرتن بەکارهات بۆ بەدەستهێنانی داتاگەلێک کە شایەنی پۆلێنکردن و لێکدانەوە بوون، لە هەمان کاتدا ڕێگەی بە گەڕان بەدوای بۆچوونەکانی زۆرێک لە ڕێکخراوەکاندا داوە، ئەمەش متمانە بە ئەنجامەکان مسۆگەر دەکات. بە مەبەستی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر، چاوپێکەوتنی تاکەکەسی بەکارهێنرا.

ئەم ڕاپۆرتەی ئێستا پێداچوونەوەیەک بە هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان و ئەو ئاڵەنگاریانە کە لە کاتی وەڵامدانەوە بە پەتای کۆڤید-١٩ ڕووبەڕوویان بووەتەوە دەخاتە ڕوو. ئەم ڕاپۆرتە پشت بە ٢٠ چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ سەرکردەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و سێ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی ڕێکخراوە مرۆییە ناوخۆییەکان و ڕاپرسییەک دەبەستێت کە نزیکەی ١٠٠ ڕێکخراوی ژنانی لەخۆگرتووە، کە هەندێکیان هاوبەشی ڕێکخراوی ئۆکسفامن. توێژینەوەکە لە مانگی کانوونی دووەم تا کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠٢٢ ئەنجامدراوە.

ڕاپرسییەکە پشتی بەستووە بە پرسیارنامەیەک کە لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوەکە و لەسەر بنەماکانی ڕێکخراوی ئۆکسفام ئەمریکا پەیوەست بە سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی، پێوەری بەردەوامیی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی (FHI 360 2022) و ئەدەبیات لەسەر سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی و وەڵامدانەوەی مرۆیی، هەروەها چاوپێکەوتنە سەرەتاییەکان کە لەگەڵ دوو ڕێکخراوی ژنان. پرسیارنامەکە لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفام ئەمریکاوە پێداچوونەوەی بۆ کرا و فۆرمەکە پشتڕاستکرایەوە و لەسەر زیاتر لە ڕێکخراوێک تاقیکرایەوە و

بەگوێرەی ئەم تاقیکردنەوەیە دەستکاریکرا. پاشان پێشکەش بە ڕێکخراوە بەشداربووەکانی توێژینەوەکە کرا بە مەبەستی ئەنجامدانی دەستکاری پێویست. پرسیارنامەکە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی دیزاین و ئامادە کرایەوە و دواتر لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە لەلایەن تیمی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت**ەوە** نێردرا بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە لە بنکەدراوەی ڕێکخراوەکەدا هاتوون. دوای لادانی دووبارەبووەکان و پاککردنەوەی داتاکان، ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە وەڵامی فۆرمەکەیان دایەوە گەیشتە ١٠٠ ڕێکخراو. کۆکردنەوەی داتا و چاوپێکەوتنەکان لە ١٥ی کانوونی دووەم تا ١٠ی شوباتی ٢٠٢٢ ئەنجامدران.

## ٢. ڕێکخراوەکانی مافی ژنان و وەڵامدانەوە بە پەتای کۆڤید-١٩ لە عێراق

ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە عێراق ڕووبەڕووی دۆخێکی ئەستەم بوونەتەوە. ئەم ڕێکخراوانە مامەڵە لەگەڵ ئاڵەنگارییەکانی کارکردن لە ناوچە جێناکۆکەکان و دۆزینەوەی نۆرمە ڕەگەزییە نایەکسانەکان دەکەن کە دەبنە هۆی لاواز بوونی توانای پشتیوانیکردنیان لە ژنان لەو کۆمەڵگایانەی کە تێیاندا کاردەکەن و پەتاکە ئەم ئاڵەنگاریانە توندتر کردووە و ئاڵەنگاری نوێی دروستکردووە.

### نۆرمە ڕەگەزییەکان

نۆرمە کولتوورییە ڕەگەزییەکان ئاڵەنگاری بۆ سەرکردایەتی ژنان لە کاری مرۆیی لە ژینگە کولتوورییەکاندا دروست دەکەن کە لەواندا ڕێگە بە ژنان نادرێت بە ئازادی کار بکەن و توانای فراوانکردنی بازنەی زانین و پەیوەندییە پێویستەکان بۆ کاری مرۆیی سنووردار دەکەن. ڕێکخراوی خۆشەویستی و ئاشتی، ڕێکخراوێکە کە پەیوەندی بە پرسەکانی ژنانەوە هەیە لە پارێزگای ئەنبار، دەریخستووە کە داب و نەریتەکان لە پارێزگاکەدا توانای ژنانیان سنووردار کردووە بۆ دەستڕاگەیشتن بە یارمەتییەکانی بازرگانی بچووک یان ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی پەیوەست بە دادپەروەری ڕەگەزی. ڕێکخراوەکانی ژنان کە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا کاردەکەن، ئەم ڕاستییەیان دەرخستووە کە ئەوان ناچارن مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە ئەمنییەکان بکەن کە لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە دروست دەکرێن، ئەمەش ڕێگری دەکات لە توانای گەشەکردن و گەیشتن بە ئەرکەکەیان.

### کەمکردنەوەی بودجە و گۆڕینی یەکەمایەتییەکانی بەخشەرەکان

ئەو ڕێکخراوانەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە ڕاپرسییان لەسەر کراوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، باسیان لەوە کرد کە پرس و پێداویستییەکانی ژنان بەهۆی پەتاکە خسترانە پەراوێزەوە. بەخشەرەکان خۆیان دوورخستەوە لە دابینکردنی بودجە بۆ بەرنامە و چالاکییەکانی ژنان دەستیانکرد بە دابینکردنی بودجەی وەڵامدانەوەی مرۆیی، ئەمەش وایکرد ئەو ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە یان لەسەر بنەمای بەخشینی نارێک ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکەن – ڕێبازێک کە نەیتوانی پشتگیری لە کاری مرۆیی کاریگەر بکات کە وەڵامی ئەو پێداویستییە زۆرانە بداتەوە کە بەهۆی پەتاکە دروستببوون. نزیکەی ٧٦٪ی نموونەی ڕێکخراوەکانی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکەدا پشتڕاستیان کردووە کە بەرنامە فێمینیستەکان لە سەردەمی پەتای کۆڤید-١٩دا بە هۆی بارودۆخە سەرهەڵداوەکان خسترانە پەراوێزەوە.

گۆڕینی بەرنامە و یەکەمایەتییەکانی بەخشەرەکان بەرەو دابینکردن و دەستەبەرکردنی بودجە بۆ یارمەتییە مرۆییەکان کاریگەری لەسەر بەرنامە فێمینیستەکانی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە عێراقدا هەبوو. لە ماوەی چاوپێکەوتنەکاندا، لانیکەم سێ ڕێکخراو (ڕێکخراوی توێژینەوە و زانیاریی ڕەگەز، ڕێکخراوی بانە و کۆڕبەندی خۆشەویستی و ئاشتی) باسیان لە گرێبەستە هەڵوەشاوەکان (نەک لە ئۆکسفامەوە) کرد کە پێش پەتاکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پەیوەست بە دادپەروەری ڕەگەزی واژۆ کرابوون و باسیان لەوەش کرد هەندێکیان لە قۆناغی کۆتایی واژۆکردندا هەڵوەشانەوە. سەرۆکی کۆبوونەوەی کەمینەکان کە ئەندامی هاوپەیمانی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی تایبەت بە ژنان، ئاسایش و ئاشتییە ڕایگەیاندووە کە پرۆژەی "دەنگی ژنان بۆ ئاشتی و خۆپاراستن"، کە بڕیار بوو لە سێ پارێزگاری (بەسرە، ئەنبار و دەشتی نەینەوا) جێبەجێ بکرێت و لە لایەن سندوقی ئاشتی ژنانەوە پارەی بۆ دابین دەکرا، لە مانگەکانی یەکەمی پەتاکەدا ڕاگیرا. بەڵام چەند ڕێکخراوێک ڕایانگەیاندووە کە خێرخوازان نەک هەر بەردەوام بوون لە پارەدانیان بەڵکو ڕێگەیان پێداون گۆڕانکاری بۆ وەڵامدانەوەی پەتاکە بکەن. بۆ نموونە کۆمەڵەی ژنانی بەغدا باسی لەوە کرد کە "بەخشەر بەشێک لە یارمەتییەکەی تەرخانکردووە بۆ دابینکردنی فریاگوزاری، کە کەرەستەی تەندروستی و سەبەتەیەکی خۆراک لەخۆدەگرێت" (چاوپێکەوتن، کۆمەڵەی ژنانی بەغدا).

ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەریخست کە ٦١٪ی ڕێکخراوەکان ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بوونەتەوە کە پەیوەندی بە کەمی سەرچاوەی داراییەوە هەیە، لەکاتێکدا ٣١٪ی ڕێکخراوەکان بە ڕادەیەکی کەمتر ڕووبەڕووی ئەو گرفتانە بوونەتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان دووپاتی کردەوە کە بەهۆی کەمبوونەوەی بودجەی دەرەکی و کشانەوەی خێرخوازان یان ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە داراییانەی کە پێش پەتاکە پلانیان بۆ دانرابوو، ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بوونەتەوە لە دەستەبەرکردنی تێچووی کارگێڕی ڕێکخراوەکانیان. لانی کەم پێنج ڕێکخراو ڕایانگەیاندووە کە نەیانتوانیوە کرێی بارەگای ڕێکخراوەکە بدەن (چاوپێکەوتنەکان، سەعد؛ ڕێکخراوی پێکەوە بۆ بناغەی ژیانێکی باشتر بۆ گەشەپێدانی مرۆیی؛ ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دیموکراسی؛ کۆڕبەندی خۆشەویستی و ئاشتی بۆ خوێندکاران و گەنجان؛ و توێژینەوەی ڕەگەز و ڕێکخراوی زانیاری). بۆ کەمکردنەوەی تێچوونەکان، هەندێک ڕێکخراو ناچاربوون بارەگاکانیان بگۆڕن و شوێنی هەرزان تر بەکرێ بگرن. کۆڕبەندی خۆشەویستی و ئاشتی ناچار بوو بارەگای سەرەکی لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکەدا هاوبەش بکات بۆ کەمکردنەوەی کرێی خانووەکەی و سەرۆکی ڕێکخراوی پێکەوە بۆ بناغەی ژیانێکی باشتر بەشێک لە شوێنەکەی خۆی کرد بە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکە بەهۆی ئەوەی کە نەیاندەتوانی کرێی خانووەکە بدەن.

## سنووردارکردنی جموجۆڵ

پەتاکە کاریگەری لەسەر ئازادی هاتوچۆی خەڵک و گواستنەوەی کاڵا/پێداویستی هەبوو. لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەدا دەرکەوتووە کە لە کاتی پەتاکەدا ٣٨٪ی ڕێکخراوەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی گواستنەوە و کارکردن ڕووبەڕووی ئاستەنگی بوونەتەوە. ئەو سنووردارکردن و کۆنترۆڵانەی کە بەسەر جوڵەدا سەپێندرا بۆ کۆنترۆڵکردنی پەتاکە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو ژینگەیە هەبوو کە ڕێکخراوەکانی ژنان تێیدا کاردەکەن. ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دیموکراسی باسی لەوە کرد کە کۆبوونەوەی ڕووبەڕووی ئەندامانی ڕێکخراوەکان ئەستەم بوو و تەنها چەند قەوارەیەکی کەم توانیان مۆڵەتی جوڵە لە دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە وەرگرن (چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دیموکراسی). ڕێکخراوی ژن و منداڵ، ڕێکخراوێکی ژنان بە سەرۆکایەتی ژنان، ئاماژەی بەوە کرد کە سنووردارکردنی جووڵە ڕێگری لە ستافەکانیان کردووە کە لەگەڵ کۆمەڵگاکانیان کاربکەن (چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی ژن و منداڵ).

## کەمترین پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان

بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە، ڕێکخراوەکانی ژنان لە وەڵامدانەوەی فەرمی بۆ کۆڤید-١٩ پەراوێزخراون. دوو لەسەر سێی نموونەکە ڕاپۆرتیان دا کە بەشدارییان لە هەوڵەکانی وەڵامدانەوەی فەرمیدا نەکردووە و زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان کە بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا کردووە نەیانتوانیوە ئەو پارەیە بەدەستبهێنن کە بۆ دۆخی نائاسایی و هەوڵەکانی فریاگوزاری تەرخانکراوە. ئەنجامەکانی ڕاپرسییە مەیدانییەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە لە سەدا ٩٥ی ڕێکخراوەکان لە کاتی قەیرانی کۆڤید-١٩دا نەیانتوانیوە دەستیان بە یارمەتییەکان بگات.

ئەنجامەکانی چاوپێکەوتنەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بەشداری لاوازی ڕێکخراوەکانی ژنان لە وەڵامدانەوەی پەتاکەدا بریتییە لە دوورخستنەوە و نامۆبوونیان نەک تەنها لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە. ٥٦٪ لە کۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ڕایانگەیاندووە کە بەشداریکردنیان لە هەوڵەکانی وەڵامدانەوەدا نەک لەسەر بنەمای داواکارییەکی فەرمی دەزگاکانی حکومەت بەڵکو لەسەر بنەمای دەستپێشخەری خودی ڕێکخراوەکە بووە. ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش کرد بۆ پاڵپشتیکردنی دەزگاکانی حکومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی پەتاکە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بانگهێشتنامەیەکی دەسەڵاتە فەرمییەکان بکەن.

هەروەها چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان باسیان لەو خاڵە کرد کە خراپی بەشداریکردن لە حکومەت پەیوەندی بە دەستڕاگەیشتنێکی نایەکسان بە سەرچاوەکانەوە لە کەرتەکەدا هەیە. یەکێک لە ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو پرۆژە و بەرنامانەی لەگەڵ حکومەتی خۆجێی جێبەجێ دەکرێن زۆرجار شوێن نادەن بۆ ئەوەی هەموو ڕێکخراوەکان هاوبەش بن لەم جۆرە پرۆژانەدا؛ ئەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەندی بەهێزتریان لەگەڵ حکومەتی ناوخۆییدا هەیە زۆرجار یەکەمایەتی وەردەگرن. هەروەها باسیان لەوە کرد کە شتێکی هاوشێوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدات. لەم هەلومەرجەدا، هەندێک ڕێکخراو زیاتر دەستیان بە سەرچاوەکان دەگەیشت لەسەر حیسابی ڕێکخراوە بچووکەکان. هەروەها زمان وەک بەربەستێک لەبەردەم ڕێکخراوە بچووکەکاندا ئاماژەی پێکرا. تێڕوانینێک هەبوو کە ئەو ڕێکخراوانەی کە لەلایەن سەرکردەکانەوە بەڕێوەدەبرێن کە دەتوانن بە ئینگلیزی قسە بکەن و باشتر لە وردەکارییەکانی داواکارییەکانی پارەدان تێدەگەن، زۆرجار دەستڕاگەیشتنێکی زیاتریان بە پارەدان هەیە لەچاو ئەوانی دیکە کە توانای زمانەوانیی یەکسانیان نییە.

## دەرفەتە دیجیتاڵییەکان و نایەکسانی

وەک ڕێکخراوەکانی سەرتاسەری جیهان، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان خزمەتگوزارییەکانیان گواستەوە بۆ جیهانێکی ئەلەکترۆنی. ووِرک شۆپەکانی ڕاهێنان، خزمەتگوزارییەکانی یارمەتی یاسایی، بەرنامەکانی هۆشیاری و بنیاتنانی توانا گۆڕان بۆ چالاکییەکانی ئۆنلاین و زۆرێک لە ڕێکخراوەکان توانیان خزمەتگوزاری پشتگیری دەروونی ئۆنلاین پێشکەش بە ڕزگاربووانی توندوتیژی ڕەگەزی بکەن. ڕێکخراوەکان هێڵی گەرمی نوێیان دانا یان پشتیان بە هێڵە گەرمە بەردەستەکان بەست، هەستان بە دامەزراندنی گرووپی واتسئەپ، فەیسبووکیان بەکارهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی توندوتیژی ڕەگەزی و ووِرک شۆپی ڕاهێنانی لە دووریان دابینکرد. هەرچەندە گواستنەوەی بەرنامە و خزمەتگوزارییەکان بۆ جیهانی ئەلیکترۆنی وایکرد ڕێکخراوەکان بەردەوام بن لە کارەکانیان و هەندێکجار تەنانەت ژمارەی سودمەندانی بە دوو هێندە زیادی کرد، بەڵام سەرکردەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان ئاماژەیان بەوە کرد کە ژمارەی سودمەندەکان زۆرجار بەخێرایی کەمیکردووە چونکە ژنان ناموڕتاح بوون لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە دوورەکان، دەستیان بە ئینتەرنێت ڕانەدەگەیشت، نەیاندەزانی چۆن

زووم یان سکایپ بەکاربهێنێن یان بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان هەستیان بە نامۆڕتاحی دەکرد کاتێک لە ماڵەوە بوون و ئەندامانی خێزانەکەیان (یان تەنانەت دەستدرێژکارەکانیان) لە لایان بوون.

ڕێکخراوەکانی دیکە ئاماژەیان بەو ماندوویەتییە کرد کە کارمەندانی ڕێکخراوەکانی ژنان تووشی هاتوون لە ئەنجامی ئەنجامدانی چالاکییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. هەروەها بەپێی ڕێکخراوێکی مافی ژنان بە سەرۆکایەتی ژنان، واتا کۆمەڵەی پێکەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە، سەلامەتی لەناو ژینگەی ئەلیکترۆنیدا کەوتە مەترسییەوە. کاتێک یەکێک لە ڕووداوەکانیان لەسەر زووم هاک کرا، وێنەی گرافیک و توندوتیژی داعش نێردرا بۆ شوێنەکە. بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی بەشداربووان، ڕێکخراوەکە دەبوو لە بەکارهێنانی هەژماری زوومێکی خۆڕایی بگۆڕێت بۆ هەژمارێکی بەپارە کە ڕێگە بە پاراستنی زیاتر بدات.

## کامەرانیی کارمەندان

بەهۆی ڕاگرتنی پرۆژەکان و بێتوانایی بۆ دانی مووچەی فەرمانبەران، زۆرێک لە ڕێکخراوەکان ناچاربوون فەرمانبەران لە کارەکانیان دووربخەنەوە. لەسەدا ٣٥ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە نەیانتوانیبوو پارەی تەواوی مووچەی کارمەندەکانیان بدەن. چاوپێکەوتووەکان هەروەها باسیان لە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران کرد بەهۆی پەککەوتنی بانکەکانەوە. ڕێکخراوی داك بۆ گەشەپێدانی ژنانی ئێزدی، کە ڕێکخراوێکی ژنانە بە سەرپەرشتی ژنان لە دهۆک، ڕایگەیاند کە دواکەوتنی هاتنی پارە توانای ئەوانی دواخست بۆ دانی مووچەی کارمەندان.

ڕێکخراوەکان ئاڵەنگاریی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی تەندروستی کارمەندان، وەک فشاری دەروونی یان نەخۆشی کۆڤید-١٩یان ڕاگەیاند. لە ڕاپرسییەکەدا ٣٨٪ی نموونەی ڕێکخراوەکانی ژنان پشتڕاستیان کردەوە کە پەتاکە بووەتە هۆی ئەوەی کە کارمەندەکانیان تووشی ماندوویەتی و فشاری دەروونی ببن. ڕێکخراوەکان ڕایانگەیاندووە کە بارگرانی چاودێری و بەرپرسیارێتی خێزانی لە کاتی قەیرانی پەتاکەدا دوو هێندە زیادیان کردووە بەهۆی ڕاگرتنی قوتابخانە و خانەی چاودێری و بوونی هەموو ئەندامانی خێزان لە ماڵەوە.

## وەڵامدانەوە بە پەتای کۆڤید-١٩ لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە عێراق

لە مانگەکانی یەکەمی پەتاکەدا، ڕێکخراوەکانی ژنانی عێراق هەوڵەکانیان ئاڕاستەکردەوە بۆ وەڵامدانەوە بەم قەیرانە مرۆییە بێوێنەیە، زۆرجار لەسەر حیسابی بەرنامەکانیان سەبارەت بە دادپەروەری ڕەگەزی. بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، زۆربەی بەشداربووان (٨٠٪) چالاکییەکانیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی وەڵامی پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگاکانیان بدەنەوە. ڕێکخراوەکانی ژنان پێداویستییە سەرەتاییەکان وەک سەبەتەی خۆراک و دەرمانیان دابین دەکرد و تەنانەت کرێیان بۆ ئەو کەسانە دەدا کە بە هۆی لەدەستدانی کارەکانیان لە ڕەوتی سنووردارکردنی پەتاکەدا نەیاندەتوانی کرێ بدەن.[٤] لە چاوپێکەوتنێکدا، ئەندامێکی ستافی دامەزراوەی پێکەوە بۆ ژیانێکی باشتر، کە ڕێکخراوێکی مافی ژنانە لە نەینەوا، ئەمەی درکاند: "هەموو کارەکانمان گۆڕا بۆ فریاگوزاری. بە هەوڵی خۆ و بەخشین، دەمامکمان دورین و تەعقیمکەر و سەبەتەی خۆراکمان دابەشکرد. کۆبوونەوەی هۆشیاریمان لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە ئەنجامدا. خێزان زۆر بوون کە پێویستیان بە یارمەتی هەبوو و ئێمەش یارمەتیدەریان بووین لە پێدانی کرێی خانووەکانیان."

ڕێکخراوەکانی ژنان هەروەها سەرنجیان خستە سەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە پەتاکە: ٨٠٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ڕایانگەیاند کە بەشداربوون لە هەڵمەتەکانی پاکوخاوێنی و دابەشکردنی بروشور و پۆستەر لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە. ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دیموکراسی، کە ڕێکخراوێکە بە سەرکردایەتی ژنان و تیشک دەخاتە سەر پرسەکانی ژنان و گەنجان، وۆرک شۆپی ئەلیکترۆنی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و ستاف و خوێندکاران ئەنجامدا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری خەڵک سەبارەت بە کۆڤید-١٩ لەڕێگەی واتسئەپ و تێلێگرام و زوومەوە. کۆمەڵەی ژنانی بەغدا، کە ڕێکخراوێکی ژنانە بە سەرکردایەتی ژنان، بروشوری هۆشیارییان لەسەر کۆڤید-١٩ دروستکرد و پەڕەی زانیارییان دروستکرد سەبارەت بە زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی ڕەگەزی کە لە ماوەی پەتاکەدا ڕوودەدەن.

لە کاتێکدا زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی بەشداربوون لە توێژینەوەکەدا زۆر سەرنجیان لەسەر وەڵامدانەوە بەو پێداویستیانە بوو کە بەهۆی کۆڤید-١٩ەوە دروستبوون، چەند ڕێکخراوێک توانیان بەردەوام بن لە کاری ستراتیژیی ڕەگەزی خۆیان یان ئەو کارە بە شێوازی داهێنەرانە بگۆڕن. پەیوەست بە پشتیوانی بژێوی ژنان، ڕێکخراوی ژنان و داهاتوو گۆڕانکاری لە پرۆژەی دوریی خۆی لە ئەنبار کرد کە ئامانجی باشترکردنی بژێوی ژیانە، و هەستا بە دوریی دەمامک و دابەشکردنی بەسەر ناوەندە تەندروستییەکاندا. ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشداربوون لە کاری توندوتیژی ڕەگەزیدا خزمەتگوزارییەکانیان گۆڕی دەستیان کرد بە پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە دوورەوە و لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە. نزیکەی دوو لەسەر سێی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ڕایانگەیاندووە کە بەردەوامن لە چاودێریکردنی ڕووداوەکانی توندوتیژی ڕەگەزی بۆ بەدەستهێنان و هاوبەشکردنی زانیارییەکان سەبارەت بەوەی کە چۆن پەتاکە ڕێژەی توندوتیژی توندتر کردووە.[٣]

بەگوێرەی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی بێنت ئەلرافیدەین، ڕێکخراوەکە لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ پەتاکە – کە بە گشتی لە ڕووی گرنگیدان بە ژنانەوە بە لاواز باسکراوە – بۆشاییەکی گەورەی هەبووە لە نەبوونی پشتیوانی بۆ خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی ڕەگەزی. بۆیە گروپەکە هەوڵی دا بۆ دابینکردنی هاوکاری خۆراک و پشتگیری بژێوی بۆ ئەو جۆرە ڕزگاربووانە (چاوپێکەوتن، عەلیا ئەلئەنساری). هەروەها ڕێکخراوی بێنت ئەلرافیدەین داکۆکی لەوە کرد کە ئەنجومەنی پارێزگای بابل پزیشکێکی ژن بۆ وەڵامدانەوە بە قەیرانەکاندا لە پارێزگاکەدا جێگیر بکات دوای ئەوەی تێگەیشت کە هەموو ئەندامەکانی تر پیاون (چاوپێکەوتن، بێنت ئەلرافیدەین). کۆمەڵەی ژنانی بەغدا پاش ئەوەی کە لەو ڕاستییە تێگەیشتن کە توانایی ژنان بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پاراستن، ناوەندەکانی گوێگرتن یان خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری لە ژێر سنووردارکردنی پەتاکەدا زۆر گرنگە، هێڵێکی گەرمیان بۆ ژنان و کچان دەستەبەرکرد (چاوپێکەوتن، کۆمەڵەی ژنانی بەغدا).

# ٣. هەڵسەنگاندنی وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی ئۆکسفام لە عێراق: ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە پێشەنگدا

## هاوبەشی

ئەم بەشە چەندین تەوەری سەرەکی دەخاتە ڕوو کە لە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی ئۆکسفام هاوبەشەکانیدا چ شتگەلێک کاریان کردووە و چ شتگەلێک بەباشی کاریان نەکردووە.

### کەناڵەکانی پەیوەندیی کراوە

ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان کە هاوبەشن لەگەڵ ئۆکسفام ئەم خاڵەیان درکاند کە هەست دەکەن توانای ڕاوێژکردنیان لەگەڵ ڕێکخراوەکە هەیە و دەتوانن بازنە و یەکەمایەتییەکانی پرۆژەکان بە شێوەیەک پێناسە بکەن کە یارمەتیدەریان بێت لە پەرەپێدان و بنیاتنانی شارەزاییەکانیان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا. لە چاوپێکەوتنەکاندا، لانیکەم دوو ڕێکخراوی ژنان پشتڕاستیان کردەوە کە کارکردن لەگەڵ ئۆکسفام ڕوونە و هاوبەشییەکی ڕاستەقینە و یەکسانیخوازانە لە نێوانیاندا دەبینن. یەکێک لە ئەندامەکانی ستاف لە ڕێکخراوێکی مافی ژنان بە سەرۆکایەتی ژن ئەمەی درکاند کە "ئێمە [ڕێکخراوی ئۆکسفام و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان] پێکەوە کارمان کرد بۆ پەرەپێدانی ڕێکخراوەکە لە هەموو لایەنە کارگێڕی و داراییەکان و توانای ستافەکەمان بنیاتنا بە مەبەستی یارمەتیدان لە باشترکردنی سەرکردایەتیمان" (چاوپێکەوتن، کۆمەڵەی پێکەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە).

ڕێکخراوە هاوبەشە ناوخۆییەکانی ئۆکسفام هاوڕا بوون کە ئۆکسفام لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە هاوبەشە ناوخۆییەکان سوودێکی ڕوونی هەیە. ئارەزووی ڕێکخراوی ئۆکسفام بۆ بەدواداچوون بۆ کارەکانی ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی سەردانەکانی ئۆفیسەکانی ئۆکسفامەوە بۆ بارەگای ڕێکخراوەکان دیار بوو، لەو ماوەیەدا باسیان لە پرۆژەکان کرد و پێداویستییەکانیان دەستنیشان کرد بەڵام هەندێک ڕێکخراوە ناوخۆییەکان هەندێک جار ئەم بەدواداچوونەیان وەک دەستێوەردانێکی قبوڵنەکراو دەبینی. ئەم سەردانانە هەندێک جار پێشوەختە ڕانەگەیەندرابوون، ئەمەش کردارێک بوو کە هەندێک ڕێکخراو وەکوو ڕەنگدانەوەی شێوازێکی قبوڵنەکراوی سانسۆر و بێمتمانەیە ئاماژەیان پێ دەکرد.

### نەرمی پێویست

هەرچەندە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی ئۆکسفام پێداویستی و سروشتی پرۆژەکانیان دیاریکرد، بەڵام بەهۆی لێشاوی مەترسی گرێبەستی و پارە لە گرێبەستی بەخشەرەوە بۆ بەخشراوانی لاوەکی، بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنی ئەو پرۆژە هاوبەشەی کە پشتگیری دارایی وەردەگرێت و پەسەندکردنی هەر گۆڕانکارییەک یان دەستکاریکردنێک لە کاتی جێبەجێکردندا دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوی ئۆکسفام، وەک لە ڕێساکانی پابەندبوونی بەخشەرەکاندا بەڕێوەدەچێت. سەرکردەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆڕانکاری یان هەموارکردن لە زەمینەوە هەندێک جار ڕێگەپێدراو نییە تاوەکو ڕێکخراوی ئۆکسفام پەسەندیان نەکات کە ئەمەش پشتبەستە بە سنووردارکردنی بەخشەرەکان، هەندێکجاریش ماوەیەکی زۆر درێژ پێش وەرگرتنی ڕەزامەندی، لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەکان پێویستی بە ڕێکارە ئاڵۆزەکان هەیە. ڕێکخراوە

ناوخۆییەکان ئەم ڕێبازەیان بە نەگۆڕ پێناسە کردووە چونکە ڕێگری لە توانای ڕێکخراوە ناوخۆییەکان دەکات بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی پێویست لەسەر بنەمای ڕاستییەکان لە سەر زەوی. بەم شێوەیە گرنگە لە سەرەتاوە بە وردی پێداویستییەکان هەڵسەنگێندرێن بۆ سنووردارکردنی پێویستی گۆڕانکارییەکان، کە ئەمەش پێویستی بە زنجیرەیەکی پەسەندکردن هەیە. هەندێک جار ڕەزامەندی دەبێت لە خودی بەخشەرەوە بێت و ئۆکسفام دەبێت نەخشەی هەر کاریگەرییەکی ئەگەری دارێژێت.

## پشتگیری لە کاتی گواستنەوەی ستاف

هاوتەریب لەگەڵ ڕێژەی بەرزی دەست لە کار کێشانەوە لە سەرانسەری کەرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و زۆر بوونی ڕێژەی گرێبەستەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە بەستراونەتەوە بە دابینکردنی بودجە لەلایەن بەخشەرەکانەوە، هاوبەشەکان ئاماژەیان بە هەندێک ئاڵەنگاری کرد کە پەیوەندییان بە گۆڕانکارییەکانی خاڵە گرنگەکان لەناو تیمی ئۆکسفام هەیە. هەوڵی جددی پێویست بوو بۆ دڵنیابوون لە مانەوەی زانیاری دامەزراوەیی و چوارچێوەیی لە شوێنێک کە بتوانرێت بەرنامەکان بەردەوام بن، بەتایبەتی لەگەڵ گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرانی پرۆژە لە ئاستی مەیدانیدا. فیدباکەکانی هاوبەشەکان دەرخەری بەهای هەبوونی تیمێکی ستاف بوون کە لە هەردوو ستافی نیشتمانی و نێودەوڵەتی پێکهاتووە بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە دەتوانرێت پەیوەندییەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان لە هەموو ئاستەکاندا بنیات بنرێن و بپارێزرێن. بەسوودە کە سەرکردەی ناوخۆیی لە ئاستی مەیدانیدا هەبێت؛ ڕەنگە ستافی نێودەوڵەتی کەمتر ئاشنا بن بە چوارچێوەی ناوخۆیی، و ئەمەش دەتوانێت پێویستی بە هاوبەشە ناوخۆییەکان زەق بکاتەوە کە کاری زیاتر بکەن بۆ زیادکردنی ڕوونکردنەوە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئۆکسفام و وەرگێڕانی بەڵگەنامە سەرەکییەکانی وەک ڕاپۆرتی پرۆژەکان.

# دابینکردنی بودجە

بودجەی ڕێکخراوی ئۆکسفام بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە کاتی پەتای کۆڤید-١٩دا ئاراستەی ئەو پرۆژانە بوو کە گرنگیان بە ڕەگەز دەدا بەڵام زۆربەی ئەو پرۆژانە کورتخایەن بوون (لە ساڵێک زیاتر نەبوون). لە چوارچێوەی مرۆییدا، ڕێکخراوی ئۆکسفام سەبارەت بەوەی کە ئایا پارەی زیاتر بەردەست دەبێت یان نا ڕوون نەبوو، چونکە بەخشەرەکان دڵنیا نەبوون لەوەی کە پەتاکە چۆن پەرەدەستێنێت. هاوبەشە ناوخۆییەکان بودجە دابینکردنەکەی ئۆکسفامیان بە بەخشندەیی پێناسە کرد کە پێداویستییەکانی پرۆژەیەک دابیندەکات بەڵام ڕایانگەیاند کە بەردەوامیی بۆ ڕێکخراوەکان بەردەست نییە چونکە وەرگرتنەوەی تێچووی ناڕاستەوخۆ (ICR) بۆ هاوبەشە ناوخۆییەکان بەگوێرەی سنووردارکردنی بەخشەرەکاندا لە زۆر حاڵەتدا لە سەرانسەری کەرتەکەدا لەخۆناگرێت. بۆیە دۆخەکە گەرەنتی بەردەوامی پرۆژە جێبەجێکراوەکان ناکات.

ڕێکخراوە هاوبەشەکانی ئۆکسفام ڕاپۆرتیان دا کە بودجەی دابینکراو سروشتی پرۆژەکانی پەیوەست بە پرسە ڕەگەزییەکان یان سروشتی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی پرۆژەکەوە لەبەرچاو ناگرێت. یەکێک لە ڕێکخراوەکان کە یارمەتی یاسایی بۆ ژنانی قوربانی توندوتیژی دابین دەکات، کە لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفامەوە بودجە بۆ دابین دەکرێت، ڕایگەیاندووە کە زۆرێک لە داواکاری و سکاڵاکان بەهۆی ڕێکارە بیرۆکراسییەکانی دادگا کاتێکی زۆری دەوێت کە زۆرجار لەو کاتەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە تێدەپەڕێت. جگە لەوەش کار هەیە کە تا دوای کۆتایی هاتنی پرۆژەکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و لانیکەم دوو ڕێکخراو باسیان لەوە کردووە کە ڕێکخراوی ئۆکسفام نەیتوانیوە پرۆژەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامە خوازراوەکانی پرۆژەکە بەدەستبهێنێت. کاتێک ئامانجی پرۆژەکە دەستکاریکردنی ڕەوتە باوەکان بێت سەبارەت بە ڕەگەز یان گۆڕینی ڕۆڵەکان

بۆ گەیشتن بە دادپەروەری ڕەگەزی، بابەتەکە ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم جۆرە پڕۆژانە پێویستیان بە ساڵانێکە بۆ ئەوەی کە ببن بە هۆی گۆڕانکاری. بەڵام زۆر گرنگە دان بەوەدا بنرێت کە کاتێک بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ دادەبەزێت و پاش ئەوەی دۆخەکە چارەسەر کرا، بەشێک لە بودجەی وەڵامدانەوەی مرۆیی چیتر دابین ناکرێت. بەڵام ڕێکخراوی ئۆکسفام پڕۆژەی درێژخایەنی بەردەوامی هەیە کە گرنگی بە گۆڕانکاری دەدات و لە چەند پارێزگایەکدا کاردەکات. ئەم پڕۆژە درێژخایەنانە بەردەوام پشتگیری لەو کارانە دەکەن کە لە بودجە کورتخایەنەکانی پێشوودا دەستپێکراون ئەگەر لەگەڵ بازنەی پڕۆژەکەدا هاوتەریب بن.

دوو ڕێکخراو یارمەتییە کورتخایەنەکانیان لەگەڵ ڕێبازی دامەزراوەی "کڤینا تِل کڤینا" (Kvinna till Kvinna) ، کە ڕێکخراوێکی ناحکومی سویدییە و پشتگیری لە مافەکانی ژنان دەکات، بەراوردکردن. لە چاوپێکەوتنێکدا، ئەندامێکی ستافی ڕێکخراوێکی ژنان بە سەرۆکایەتی ژنان وتی کە هەرچەندە کڤینا تِل کڤینا لە چاو ڕێکخراوی ئۆکسفام پارەی کەمتری پێبەخشیون بەڵام "ئەوان بەردەوامییان هەیە لە پڕۆژەکاندا و ئەمەش بۆ ئێمە گرنگترە لە بڕی یارمەتییەکە" (چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی ژنان و داهاتوو). ڕێکخراوێکی دیکەی ژنان بە سەرۆکایەتی ژنان بۆچوونێکی هاوشێوەی هەبوو و ووتی کە کڤینا تِل کڤینا "شەش ساڵ لەگەڵمان کاریان کردووە و زۆر بە جوانی بەردەوامە لە پشتگیریکردنمان؛ ئەوان ڕێکخراوێکی بچووک وەخۆدەگرن، پەرەی پێدەدەن، پشتگیری لە پێکهاتە کارگێڕی و داراییەکانی دەکەن و ساڵانە ستافەکە ڕادەهێنن" (چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی حەوا بۆ فریاگوزاری و گەشەپێدان HAWA). لانیکەم سێ ڕێکخراوی دیکە (ڕێکخراوی یارمەتی یاسایی ژنان، ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئاشتی و دیموکراسی و ڕێکخراوی ڕەجا بۆ گەشەپێدان) جەختیان لەسەر پێویستی بە بەردەوامی کرد.

## هاوبەشکردنی توانا

هەموو ئەو ڕێکخراوانەی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بەشداری لە بەرنامەکانی ڕاهێنان و بنیاتنانی توانا دەکەن کە لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفامەوە بەڕێوەدەچن. بنیاتنانی توانا بەشێکی گرنگە لە پابەندبوونی ڕێکخراوی ئۆکسفام بە سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی ؛ ئۆکسفام بەڵێنی داوە سەرچاوە تەرخان بکات بۆ بنیاتنانی توانا و پشتگیری لە ئەکتەرە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی ببنە ڕێکخراوەگەلێکی بەهێز کە بەردەوام ڕۆڵی خۆیان لە بەشداریکردن لە وەڵامدانەوەی مرۆیی گشتیدا باشتر دەکەن. سەرنج بدەن کە جەختکردنەوە لەسەر بنیاتنانی توانا بووە نەک هاوبەشکردنی توانا؛ جەخت لەسەر ڕاهێنانەکان بوو بۆ هاوبەشەکان، کە دەتوانرێت سوودی هەبێت و بەرز بنرخێنرێت. بەڵام ئۆکسفام دەتوانێت کاری زیاتر بکات بۆ دڵنیابوون لە پرۆسەی فێربوونی بەردەوام و دوولایەنە لە نێوان ئۆکسفام و هاوبەشەکانی.

تەنیا ٢٠٪ی ڕێکخراوەکانی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکەدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (لەوانەش ئۆکسفام) تا ڕادەیەکی زۆر پابەندبوون بە تەرخانکردنی سەرچاوە بۆ پشتگیریکردن لە بنیاتنانی توانای ڕێکخراوە ناوخۆییەکان؛ ٣٤٪ هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم پابەندبوونە تا ڕادەیەک بوونی هەیە. زۆربەی نموونەکە کە ٤٦٪ بوون، پابەندبوونێکی کاریگەریان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە نەبینیوە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوە بۆ پشتگیریکردن لە بنیاتنانی توانای ڕێکخراوەکانیان. ڕێکخراوی ئۆکسفام ڕاهێنان و ووڕک شۆپی بۆ زیاتر لە ٢٠ ڕێکخراوی ناوخۆیی ژنان ئەنجامدا. ڕێکخراوی ئۆکسفام هەروەها حەزی دەکرد ڕێکخراوەکانی تری ژنان (ناهاوبەشەکان) لە ڕاهێنانەکاندا بەشدار بکات و کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری ئەنجامدا بە مەبەستی پشتگیریکردنی ئەو ڕێکخراوانە و بەرزکردنەوەی تواناکانیان. هەروەها ڕێکخراوی ئۆکسفام پشتی بەو ڕێکخراوانە بەستووە بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەی عێراق و دەستنیشانکردنی پێداویستی و یەکەمایەتییەکان لەو بوارانەی کە ئەم ڕێکخراوانە تێیاندا کاردەکەن.

## بەرچاوبوون لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە

هەندێک لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی ژنان بەرنامەکانی توانا وەک وۆرک شۆپی ڕاهێنان وەک ڕێگەیەک دەبینن بۆ ئەوەی کە لەلایەن هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی زیاتر ببینرێن. هیوای بەدەستهێنانی بودجەوە پاڵنەرێکە بۆ بەشداریکردن لە وۆرک شۆپ و کۆبوونەوەکانی ڕاهێنان، کە ئامانجی کۆتایی ڕێکخراوەکانی ژنانە، چونکە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ بەردەوامبوونیان. بەگشتی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەم ڕاهێنانانەدا بەشدارن بەشداربوونیان بە بەشێک لە گرێبەستی دابینکردنی بودجە دەزانن. بەڵام بەشداریکردن بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان کراوە و بەردەست نییە. هەندێک لەو ڕێکخراوانەی کە بەشدارییان لەم خولە ڕاهێنانانەدا نەکردووە ڕایانگەیاندووە کە ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە لە دەستڕاگەیشتن بەرنامەکانی بنیاتنانی توانا و ڕاهێنان کە لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفامەوە جێبەجێکراون و ڕوون نییە چۆن زانیاری لەسەریان وەربگرن. هەرچەندە ڕێکخراوەی ئۆکسفام هەوڵدەدات تا دەتوانێت دەرفەتەکان بۆ هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بکاتەوە و لەو شوێنانەی کە دەتوانێت کار لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات بەڵام هەندێک سنووردارکردن هەیە لەسەر بنەمای سەرچاوەی دارایی تایبەت لە ڕووی بودجەی بەخشەرەکان، یەکەمایەتییەکانی بابەتی، پێداویستییەکانی وردبینی پێویست و زۆر شتی تر. بەم شێوەیە هەموو دەرفەتەکان پەیوەندییان بە هەموو ڕێکخراوە هاوبەشە ئەگەرییەکانەوە نییە. ئامانجی ئۆکسفام ئەوەیە کە پێداویستییەکان و سنوورەکانی هەر دەرفەتێک بە ڕوونی بگەیەنێت.

## چالاکییەکانی توانا

ڕێکخراوی ئۆکسفام سەرنجی خستە سەر یارمەتیدانی ڕێکخراوە هاوبەشەکان بۆ پەرەپێدانی سیستەمی دارایی خۆیان و بەرنامەکانی بنیاتنانی توانای بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن دابین کرد. هەروەها ڕاهێنانی دوو ڕۆژەی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان و ڕاهێنانی لەسەر نووسینی ڕاپۆرت و گەیشتن بە بەخشەرەکان پێشکەش کرد. ئەم ڕاهێنانانە یارمەتیدەر بوون بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئەو کادرانەی کە لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکاندا کاردەکەن. سەرۆکی ڕێکخراوی ژن و داهاتوو دوای وەرگرتنی ڕاهێنانەکان، پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکە بەدیکرد کە بوو بە هۆی گەشەپێدانی گشتی سیستەمی دارایی دامەزراوەکە. هەروەها ڕێکخراوی ژینگە و مرۆیی ڕاپۆرتی دا کە سیستەمی دارایی کە لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفامەوە پەسەند کراوە یارمەتی داوە بۆ پەرەپێدانی سیستەمێکی دارایی بەهێز.

## بوارەکانی باشترکردن

چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکان چوار بواری باشترکردنیان دەستنیشانکرد بۆ ئەوەی ڕێکخراوی ئۆکسفام لەبەرچاویان بگرێت: (١) ڕوونی زیاتر لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی هاوبەشەکان لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفامەوە؛ (٢) هەمەجۆریی جوگرافی زیاتر لە هاوبەشەکانیدا؛ (٣) ناوەڕۆکی زیاتری پەیوەندیدار بە سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی و (٤) یەکخستنی زیاتری چاودێریکردنی خۆ لە دەرفەتەکانی هاوبەشکردنی تواناکاندا.

هاوبەشەکانی ڕێکخراوی ئۆکسفام پشتڕاستیان کردەوە کە دەتوانرێت ئیشێ زیاتر بکرێت سەبارەت بە بنیاتنانی توانا و ئۆکسفام هەڵسەنگاندنێکی بۆ پێداویستییەکانی ڕێکخراوەکانیان ئەنجامداوە بۆ دیاریکردنی بۆشاییەکانی کارامەیی. بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان، ڕێکخراوی ئۆکسفام دیاری دەکات کە ڕێکخراوەکانیان پێویستیان

بە چ جۆرە ڕاهێنانێکە. ڕێکخراوەکانی دیکە ڕایانگەیاند کە ڕێکخراوی ئۆکسفام پێویستی بە گەیاندنی زانیاری زیاترە سەبارەت بە ڕاهێنانەکانی و دڵنیابوون لەوەی کە ڕاهێنانی جێبەجێکردن پەیوەندی بە پێداویستییە تایبەتەکانی ڕێکخراوە ئامانجەکانەوە هەیە. ڕێکخراوی ئۆکسفام دەتوانێت ئەمە بکات بە هەماهەنگ کردنی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان لە نێوان بەشە جیاوازەکاندا، کە دەبێتە هۆی هەڵسەنگاندنی فرەلایەنە لەسەر بنەمای پێداویستی هاوبەشەکان (چاوپێکەوتن، کۆمەڵەی ژنانی بەغدا). ڕێکخراوی ئۆکسفام ڕاهێنانی بۆ سەرکردە ناوخۆییەکان سەبارەت بە خۆجێییکردنی چالاکییە مرۆییەکان دابینکرد بەڵام ئەم ڕاهێنانانە بۆ پەرەپێدانی زانیاری ڕێکخراوەکان لەسەر ئەم چەمکە بەس نەبوون. زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە زانیارییەکی کەمیان لەبارەی سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کردەوەی مرۆیی هەبوو (چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی بێنت ئەلرافیدەین). جگە لەوەش، کەمی کات و بودجە تەرخانکراو بۆ بنیاتنانی تواناکان وەک یەکێک لە گرنگترین خاڵە لاوازەکان هەست پێکرا و گۆڕینی ڕاهێنانەکان بۆ پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان کوالیتی ڕاهێنانانە پێشکەشکراوەکان کەمکردەوە.

لە کۆتاییدا، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە باسیان لە پێویستی ڕێکخراوی ئۆکسفام و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کرد بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری بۆ چاودێریکردنی خۆ لەگەڵ دابینکاری زیاتر بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانی تەندروستی و کامەرانی کارمەندان و ئەندامانی کۆمەڵگا (لەوانەش تەندروستی دەروونی) و هەروەها دانپێدانان بە بەرپرسیارێتی چاودێریکردنیان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان کار لەسەر پرسە سەختەکان دەکەن کە دەتوانن ببنە هۆی فشاری دەروونی، ئەم جۆرە پشتگیرییە زۆر گرنگە. پەیوەست بەو سەختییانەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە، یەکێک لە چاوپێکەوتووەکان ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە ڕێکخراوی ئۆکسفام ڕاشکاوانەتر پشتگیری لە کارەکانیان بکات، هەرچەندە ئەوان کار لەسەر پرسە هەستیارەکان دەکەن (چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی حەوا بۆ فریاگوزاری و گەشەپێدان HAWA).

## کاریگەری

یەکێک لە بوارەکانی باشترکردن پێویستی ڕێکخراوی ئۆکسفامە بۆ هاوبەشکردنی زانیاری زیاتر لەسەر پشتگیریکردنی لە هەوڵەکانی کاریگەریکردن، کە بە ڕوونیتر لە کارەکانی بەشداریکردنی گشتی ئۆکسفامدا دەبینرێت کە لەم بەشەی خوارەوەدا بە وردی باسکراوە. نموونەیەک لە چاوپێکەوتنەکاندا ڕوون بوو: ڕێکخراوی بێنت ئەلرافیدەین پشتڕاستی کردەوە کە پشتیوانی ڕێکخراوی ئۆکسفام توانای داکۆکیکردنی و کاریگەری ڕێکخراوەکەی زۆر بەرزکردەوە. ئەم پشتگیرییە ڕێگەی بە ڕێکخراوەکە دا کە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی نیشتمانی سەرکردایەتی هەوڵەکانی داکۆکیکردن بکات و ڕێکخراوەکەی لە بواری داکۆکیکردندا و کاریگەری لە هاوبەشێکەوە بۆ پێشەنگێک گۆڕی.

## بەشداریکردنی گشتی

ڕێکخراوی ئۆکسفام بەڵێنی داوە داکۆکی لە بەخشەرەکان بکات بۆ ئەوەی کە کارکردن لە ڕێگەی ئەکتەرە نیشتمانییەکانەوە بکاتە بەشێک لە پێوەرەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی هاوبەشەکان و داوای پێشنیاری پرۆژە دەکات. ڕێکخراوی ئۆکسفام سەرکردایەتی هەوڵەکانی داکۆکی و کاریگەری لە عێراق کرد بۆ پاڵپشتیکردنی هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و یارمەتیدانی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کردەوەی مرۆیی. بۆ نموونە ڕێکخراوی ئۆکسفام هەڵمەتێکی واژۆکردنی کۆکردەوە بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆی پارە لە بەخشەرەکانەوە بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لە عێراق، بەبێ ئەوەی

لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە تێپەڕێت. ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت تێچووی هەماهەنگی و تێچووی کارگێڕی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەم بکاتەوە کە بڕێکی زۆر لە یارمەتییەکان بەکاردەهێنن کە هەندێکجار لەو بڕە پارەیە زیاترە کە بۆ پڕۆژە و بەرنامەکان تەرخانکراون کە لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆییەکانەوە جێبەجێ دەکرێن.

هەروەها ڕێکخراوی ئۆکسفام پێشانگای خۆجێیکردنی لە شاری هەولێر بەڕێوەبرد کە زیاتر لە ٥٠ ڕێکخراو بەشدارییان تێدا کرد کە ئەمە وەکوو بەشێک لە هەوڵەکانی ئۆکسفام بوو بۆ داکۆکیکردن. کۆنفرانسەکە بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بۆ بازاڕکردنی خۆیان و پێشکەشکردنی پێداویستییەکانیان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داڕێژرابوو. هەندێک لە ڕێکخراوە بەشداربووەکان بە دەرفەتێکی گرنگیان زانی بۆ ناسینی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەڵام لە چاوپێکەوتنەکاندا نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان ئاماژەیان بە چەندین خاڵی لاواز کرد. بۆ نموونە پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوە ناوخۆییە بەشداربووەکان هەمیشە ناڕوون بوو، ڕێکخراوی ئۆکسفام دەیتوانی هەوڵێکی زیاتر بدات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن بڕیارەکان دەدرێن کاتێک باس لە پێکهێنانی هاوبەشی دەکرێت. هەندێک لە ئامادەبووان ئاماژەیان بەوە کرد کە زمان بەربەستێکی سەرەکییە بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان. ئۆکسفام لە عێراق بە داننان بەم بۆشاییە، بە سێ زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی و کوردی) لێکدانەوە بۆ ڕووداوە گەورەکان پێشکەش دەکات.

# ٤. دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

ڕێکخراوەکانی ژنان لە عێراق سەرکردایەتی دەستپێشخەرییەکانیان کردووە بۆ وەڵامدانەوە بە قەیرانی کۆڤید-١٩ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا گومان و دانپێدانەنان بە توانای ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ دەستێوەردان لە دۆخی نائاساییدا هەیە. ئەمانەی خوارەوە ڕاسپاردە گشتییەکانن کە پەیوەندییان بە بنەماکانی سەرکردایەتی ناوخۆیی بۆ کاری مرۆیی هەیە لە توێژینەوەی کەیسی عێراقەوە. ئەم ڕاسپاردانە ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دەکەنە ئامانج، وەکو ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وەک ڕێکخراوی ئۆکسفام، بەخشەرەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## هاوبەشی

• دروستکردنی هاوبەشی لەسەر بنەمای متمانەی دوولایەنە کە بەهۆی ڕوونی دوولایەنە و هەوڵەکانی لێپرسینەوە هاندەدرێت.

• ڕوون تر بن سەبارەت بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان تێبگەن بۆچی بودجە وەردەگرن یان نا، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی گشتییان.

• گواستنەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانی زیاتر بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و هاوبەشەکانی.

• باشترکردنی تێگەیشتن لە چوارچێوەی ناوخۆیی.

• یەکەمایەتی دان بە بەڕێوەبردنی زانیاری و پرۆسەکانی ڕادەستکردنەوە لە ڕێکخراوە هاوبەشەکاندا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دەستلەکارکێشانەوەی کارمەندە پلەبەرزەکان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دڵنیابوون لە دروستکردنی پەیوەندی درێژخایەن تر لە نێوان هاوبەشەکان و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوی ئۆکسفام.

• دروستکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بۆ هاوبەشکردنی زانیاری بە زمانی خۆیان و/یان ڕێکخستنی وەرگێڕان/لێکدانەوە.

• هەرکاتێک کە بگونجێت، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە سەرەتای خولی پرۆژەکەدا و لە دیزاینکردنی داواکارییەکانی بودجەدا بەشدار بکەن.

• بوێرتر بن لە پشتگیریکردن ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان. ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان زۆرجار مامەڵە لەگەڵ پرسە سەخت و مشتومڕاوییەکان دەکەن و پشتگیری ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوی ئۆکسفام زۆر گرنگە.

## دابینکردنی بودجە

• داننان بە سروشتی درێژخایەنی کاری ڕەگەزی و پشتگیریکردنی تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی بودجەی چەند ساڵە و درێژخایەن.

• هاوبەشکردنی ICR لەنێو ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوبەشە ناوخۆییەکان بۆ پشتگیریکردن لە بەردەوامیی ڕێکخراوەکان و دڵنیابوون لە بەردەوامی کارەکان.

• داکۆکیکردن لە دەستڕاگەیشتنێکی دادپەروەرانەتر بە دەرفەتەکانی بودجە لەسەر بنەمای پێوەرەکان کە تەنها بەپێی قەبارەی ڕێکخراوێک دیاری ناکرێن.

## هاوبەشکردنی توانا

• دەرچوون لە ڕێبازی بنیاتنانی توانا و ڕۆیشتن بەرەو ڕێبازی هاوبەشکردنی توانا کە بەهای فێربوونی دوولایەنە لەبەرچاو دەگرێت.

• زیادکردنی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چ چالاکیگەلێکی هاوبەشکردنی توانا پێویستە و پێکەوە دروستیان دەکەن.

• ڕێگەدان بە تەرخانکردنی بودجە و کاتێکی زیاتر بۆ دەرفەتەکانی هاوبەشکردنی توانا.

• باشترکردنی ڕوونی لەسەر ئەوەی کە چ دەرفەتێکی بنیاتنانی توانا و هاوبەشکردنی توانا لەبەردەستدایە و چۆن ڕێکخراوەکان (چ لە هاوبەشەکان و ناهاوبەشەکانی ڕێکخراوی ئۆکسفام بە هەمان شێوە) دەتوانن دەستیان پێ بگات.

• دڵنیابوون لەوەی کە هاوبەشەکان لە هەموو بوارەکانی وڵاتەوە دەتوانن دەستیان بە دەرفەتەکانی هاوبەشکردنی تواناکان بگات.

• یەکخستنی چاودێریکردنی خۆی هەردوو ستاف و سودمەندان لەگەڵ دەرفەتەکانی هاوبەشکردنی تواناکاندا. ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەروونی کۆمەڵایەتی جددی دەبنەوە کە پێویستە دانیان پێدا بنرێت و چارەسەر بکرێن.

## کاریگەری

• بەردەوامبوون لە پشتگیریکردن و زیادکردنی هەوڵەکانی داکۆکیکردن لە ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان بۆ ئەوەی باشتر بتوانن زانیاری لە سەرانسەری پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا لە ئاستی ناوخۆیی، نیشتمانی و جیهانیشدا هاوبەش بکەن.

## بەشداریکردنی گشتی

• زیادکردنی دەرفەتەکان بۆ پەیوەستکردنی ڕاستەوخۆی بەخشەرەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان.

• هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە کارلێکەکانیان لەگەڵ بەخشەرەکاندا، وەک یارمەتیدانی وەرگێڕان، بۆ ئەوەی بتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بەخشەرەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تردا بکەن.

# سەرچاوەکان

نیشاندەرەکانی بەردەوامیی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. FHI 360. 2022

لینکی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

https://www.fhi360.org/resource/civil-society-organization-sustainability-index-reports

# تێبینییەکان

١) مەگەر لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفامەوە بە پێچەوانەوە باس بکرێت ئەگینا ئەم توێژینەوەی کەیسە ئاماژەدەکات بە ڕێکخراوی ئۆکسفام لە عێراق.

٢) بە سەرنجدان لە دۆخی عێراقدا تێدەگەین کە گرنگیدان لە ڕێکخراوەکانی مافی ژنان تێدەپەڕێت و ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی سەرکردایەتی ژنان دەگرێتەوە. هاوکارانی ئۆکسفام لە عێراق باسیان لەم خاڵە کرد کە بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی وڵاتەکە، بانگەشەی ڕێکخراوەکان بۆ سەرنج خستنە سەر مافەکانی ژنان یان فێمینیزم دەتوانێت مەترسیدار بێت و پێویستە بەو پێیەش بازنەی کارکردنەکە کەم بکرێتەوە.

٣) بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتن لەگەڵ **کۆمەڵەی پێکەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە** (کە ڕێکخراوێکی مافی ژنانە بە سەرۆکایەتی ژن)، و ڕێکخراوی **پێکەوە بۆ بناغەی ژیانێکی باشتر بۆ گەشەپێدانی مرۆیی** (کە ڕێکخراوێکی مافی ژنانە بە سەرۆکایەتی ژن) و **کۆربەندی خۆشەویستی و ئاشتی بۆ خوێندکاران و گەنجان** (ڕێکخراوێکی ژنان بە سەرۆکایەتی پیاو) لەنێو ئەوانی تردا.

٤) ئەمەش توێژینەوەی هەڵسەنگاندنی خێرای ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت بۆ توندوتیژی ڕەگەزی لە کاتی قەیرانی کۆڤید-١٩دا دەگرێتەوە کە ژنانی ئاوارە و پەنابەران دەکاتە ئامانج، کە توێژینەوەیەکی کەیسە کە لەلایەن **دامەزراوەی سەرکردایەتی ژنانەوە** ئامادەکراوە لەسەر ڕاستیی ژنان و کچان لە ماوەی مانگەکانی یەکەمی قەیرانی پەتای کۆڤید-١٩ و هەروەها ڕاپۆرتێک کە لەلایەن دامەزراوەی **ئوم ئەلیەتیم بۆ گەشەپێدان** ئامادەکراوە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر ژنانی خاوەن ئیش.

# سوپاس و پێزانین

ئەم توێژینەوە کەیسە لەلایەن ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت**ەوە** نووسراوە. دەمانەوێت سوپاسی ئەندامانی سەرکردە و نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مرۆییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان بکەین کە لەکاتی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا، ئەزموونی خۆیان و بیرورا و شیکردنەوە بەنرخەکانیان لەگەڵ ئێمەدا باس کرد. ئێمە بەشدارییە جەوهەرییەکەیان بەرز دەنرخێنین و هیواداریین دادپەروەریمان لە بەشداریکردنەکەیاندا کردبێت.

هەروەها سوپاسێکی تایبەت بۆ تیمی ڕێکخراوی ئۆکسفام لە عێراق، بەتایبەتی بۆ تیمی هاوبەشی، بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی توێژینەوە کەیسەکە.

## ڕاپۆرتەکانی توێژینەوەی ئۆکسفام

مەبەست لە نووسینی ڕاپۆرتەکانی توێژینەوەی ڕێکخراوی ئۆکسفام بریتییە لە هاوبەشکردنی ئەنجامی توێژینەوەکان، بۆ بەشداریکردن لە مشتومڕی گشتی و بانگهێشتکردنی فیدباک لەسەر سیاسەت و کرداری گەشەپێدان و مرۆیی. ئەم ڕاپۆرتانە مەرج نییە دەرخەری هەڵوێستەکانی سیاسەتی ڕێکخراوی ئۆکسفام بن. بۆچوونەکان هی نووسەرن و مەرج نییە هی ئۆکسفام بن.

بۆ زانیاری زیاتر، یان بۆ سەرنجدان لەسەر ئەم ڕاپۆرتە، ئیمەیڵ بنێرن بۆ نامالی جایاسینگ (namalie.jayasinghe@oxfam.org)

ڕێکخراوی ئۆکسفام ئینتەرناشناڵ، تەمووز ٢٠٢٣

ئەم بڵاوکراوە مافی چاپکردنی هەیە بەڵام دەتوانرێت دەقەکە بەبێ بەرامبەر بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی داکۆکیکردن، هەڵمەتی هەڵبژاردن، پەروەردەکردن و لێکۆڵینەوە بە مەرجێک بە تەواوی دان بە سەرچاوەکەدا بنرێت. خاوەن مافی کۆپیکردن داوای ئەوە دەکات کە هەموو ئەو جۆرە بەکارهێنانانە لەگەڵیان تۆمار بکرێن بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان. بۆ کۆپیکردن لە هەر بارودۆخێکی تردا یان بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە لە بڵاوکراوەکانی تردا یان بۆ وەرگێڕان یان گونجاندن، پێویستە مۆڵەت وەربگیرێت و لەوانەیە پارەیەک وەربگیرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئیمەیڵ بنێرن بۆ: policyandpractice@oxfam.org.uk

زانیارییەکانی ئەم بڵاوکراوە لە کاتی لەچاپدراندا ڕاستن.

لەلایەن ڕێکخراوی ئۆکسفام بریتانیای گەورە بۆ ڕێکخراوی ئۆکسفامی ئینتەرناشناڵ لە تەمموزی ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە. DOI: XXXXXXXXXX

ڕێکخراوی ئۆکسفام بریتانیای گەورە، ئۆکسفام هاوس، جۆن سمیس درایف، کاولی، ئۆکسفۆرد، OX4 2JY، بەریتانیا.

## ڕێکخراوی ئۆکسفام

ڕێکخراوی ئۆکسفام هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە کە لە ٢١ ڕێکخراو پێکهاتووە، کە لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانەکانی کاردەکات و دەستی دەگاتە ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا. ئێمە پێکەوە ڕووبەڕووی نایەکسانییەکان دەبینەوە بۆ کۆتاییهێنان بە هەژاری و نادادپەروەری، ئێستا و لە درێژخایەندا – بۆ داهاتوویەکی یەکسان. تکایە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر بۆ هەریەکێک لە دەزگاکان بنووسن یان سەردانی ئەم وێبسایتە بکەن: www.oxfam.org.

Oxfam America (www.oxfamamerica.org)
Oxfam Aotearoa (www.oxfam.org.nz)
Oxfam Australia (www.oxfam.org.au)
Oxfam-in-Belgium (www.oxfamsol.be)
Oxfam Brasil (www.oxfam.org.br)
Oxfam Canada (www.oxfam.ca)
Oxfam Colombia (www.oxfamcolombia.org)
Oxfam France (www.oxfamfrance.org)
Oxfam Germany (www.oxfam.de)
Oxfam GB (www.oxfam.org.uk)
Oxfam Hong Kong (www.oxfam.org.hk)
Oxfam IBIS (Denmark) (www.oxfamibis.dk)
Oxfam India (www.oxfamindia.org)
Oxfam Intermón (Spain) (www.oxfamintermon.org)
Oxfam Ireland (www.oxfamireland.org)
Oxfam Italy (www.oxfamitalia.org)
Oxfam Mexico (www.oxfammexico.org)
Oxfam Novib (Netherlands) (www.oxfamnovib.nl)
Oxfam Québec (www.oxfam.qc.ca)
Oxfam South Africa (www.oxfam.org.za)
KEDV (www.kedv.org.tr)

www.oxfam.org